Democratic Party of Iranian Kurdistan
Political Bureau

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

# بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان!

ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان!

دۆستانو دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد!

لە هەلومەرجێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی کورددا دەچنە پێشو ئاسۆی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕوونتر دەکەوێتە بەرچاو، لەو کاتە هەستیارەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو لە دەرەوەڕا کەوتۆتە ژێر تەوژمو فشارەوەو بزووتنەوەی کورد لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیی بە یەکیەتیو یەکڕیزی هەیە، بەداخەوە ژمارەیەك کادرو پێشمەرگەی حیزب سەرەڕای هەموو دڵفراوانییەکی ڕێبەرایەتیی حیزبو هەوڵو تێکۆشانی دۆستو دڵسۆزانی کورد بەتایبەت دوو هێزی برامان پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بۆ مانەوەی ئەم جەمعە لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٠٠٦/١٢/٦ی زایینی، بە دەرکردنی بەیاننامەیەك جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی پێناخۆشبوونی خۆی لە هەڵوێستی ئەو برایانە، ڕادەگەیەنێ کە ڕێبەرایەتیی حیزب پاش چەندین کۆبوونەوەو باسو وتووێژ لە سەر داخوازیی ئەوانو تەنانەت قبووڵی بەشێکی بەرچاو لە داواکانیان ـ هەرچەند ناڕەواش بووبن ـ لە پێناوی پاراستنی یەکڕیزیی حیزبدا لە بەرچاو گیراون، بەو حاڵەش ئەم ژمارەیە لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە نیازپاکیو دڵفراوانیی ڕێبەرایەتیی حیزب کەڵکی خراپیان وەرگرتو ڕۆژبەڕۆژ بەهانەی جۆراوجۆرو شەرتو پێش شەرتی تازەیان بۆ درێژەی دیالۆگ هێنایە گۆڕو دواین داوای ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ دانیشتنو درێژەی دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە خۆیان لە ڕۆژی دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمەوە بۆ حیزبیان دروست کردو، جار لەگەڵ جار زیاترو بەرفراوانتریان کرد، ڕەت کردەوە تا ئەو جێگایەی کە بە کردەوە ریزی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا کردەوەو ئێستاش ئەو جیاکردنەوەیان بەڕەسمی ڕاگەیاندوەو بە سەر حیزبیاندا سەپاندوە.

خۆشەویستان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشەوای نەمر قازی محەممەدو دوکتور قاسملووی ڕێبەرو دوکتور شەرەفکەندیی زانا، لە ڕەوتی خەباتی ٦١ ساڵەی خۆیدا زۆر جار لەگەڵ هەلومەرجی لەو بابەتە بەرەوڕوو بووەو، زۆر جار ئەم ڕێبەرە شەهیدانەمان بە شێوەی جۆراوجۆر تۆمەتبار کراونو تەنانەت ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەی حیزب لە کاتی ژیانو ڕێبەرایەتیی ئەواندا ریزەکانی حیزبیان جێهێشتووەو ناوو ناتۆرەیان وەپاڵ داون. بەڵام هەرەوەك ئەم ڕێبەرانە خۆیان فەرموویانە ئەم حیزبە بەم جۆرە هەڵوێستو لێدابڕانانە کز نەبووەو کز نابێو لە ژێر هیچ فشارو بەربینگ پێگرتنێکدا لە ڕەوتی دێموکراتیو پرنسیپە دێموکراتییەکانی خۆی دوور نەکەوتۆتەوەو دوور ناکەوێتەوە، دیارە پاش شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرانەش سەیر نیە کە درێژەدەرانی ڕێگایان لەگەڵ ئەم جۆرە هەڵوێستو لێدابڕانانە بەرەوڕوو ببن. بەڵام بە گرتنە پێشی

ڕێگاو ڕێبازی ئەم ڕێبەرە شەهیدانە لە لایەن ڕێبوارانیانەوەو بیری وردو واقیعبینانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەموو جارێك ڕاستی‌یەکان دەرکەوتوونو ئەمجارەش خەڵك بە چاوی ئاواڵەوە دەڕواننە ڕاستی‌یەکانو زۆر زوو هەست دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتیی حیزب چ دڵسۆزیو دڵفرەوانی‌یەکی بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب لە خۆی نیشان داوە، کێ سوور بووە لە سەر لێك دابڕانو وەلانانی ڕەوتی دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە بە ناحەقو ناڕەوا بۆ حیزب پێك هێندرانو کێ تەنانەت تەحەمووڵی ئەم هەموو کارشکێنیو بەرگرتن لە بەرەو پێش‌چوونی ڕەوتی تێکۆشانی حیزبی کردووە؟

ئێمە سەرەڕای پێ ناخۆش بوونمان لەو هەڵوێستە کە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی پێشووی حیزب گرتوویانە، هەموو هەوڵو تێکۆشانمان لە ڕەوتی خەباتدا بە هەموو شێوەکانیەوە تەنیاو تەنیا ڕووی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك دوژمنو زەوتکەری مافو ئازادییەکانی گەلانی ئێرانو خەڵکی کوردستان دەبێ.

سیاسەتو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتووشدا هەر لە سەر ئەم ڕەوتو ڕێبازە دەبێ کە تا ئێستا ڕێبەرانی گەورەو شەهیدمان قازیو قاسملوو و شەرەفکەندی بوویانەو پێیان لە سەر داگرتووەو ئێستاش ئەم ڕێبەرانە لە بیروباوەڕدا زیندوونو لەگەڵمانن.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو ڕێبەرە شەهیدانەمانو سەرجەم شەهیدانی حیزبو گەل

سڵاو لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانو هەموو زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان

سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستان پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات

سڵاو لە ئەندامانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو ڕێبوارانی ڕێبەرانی سەربەرزو شەهیدمان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی

سڵاو لە کادرو پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە حیزبی پێشڕەو و خۆشەویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

**۱۳۸۵/۹/۱۵ی هەتاوی (2006/12/6ی زایینی)**